هەرێمی کوردستانی - عێراق
ئەنجومەنی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی (وێژەیی)

0001
SN: 6004247

بەناوی خودای گەورە

ناو: _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _
بابەت : ئابووری کات: ٣ کاتژمێر
ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ (خولی دووەم)

# A
9225

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە: ( بۆ هەر پرسیارێك ٢ نمرە)

١. هەر کارێك ببێتە هۆی دروستکردنی سوودێك و پێداویستییەکانی مرۆڤ پڕ بکاتەوە ئەگەر شێوەیەکی ماددیشی نەبێت پێ ی دەوترێت:
A- بەرهەمی نەتەوە یی B- وەبەرهێنان C- داهاتی نەتەوە یی D- بەرهەمهێنان

٢. یەکێکە لەو گرفتەسەرەکیانەی کە ڕووبەڕووی دەوڵەتە دواکەوتووەکان دەبێتەوە لەکاتی هەوڵدانیان بۆ زیاد کردنی بەرهەم و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی گەلەکانیان :
A-شارەزایی هونەری B- دووجار حساب کردن
C-زۆری تێچوونی گواستنەوە D- دووری بازاڕەکان لە شوێنی بەرهەم هێنانەوە

٣. بریتی یە لەو گۆڕانەی کە تەنها تایبەت دەبێت بەیەك کەرت لە کەرتەکانی ئابووری نەتەوەیی لەوانەیە لەلایەنی خواست یان خستنە ڕوو ڕوودات:
A- شڵەژانەماوە کورت خایەن B- گۆڕانی داهاتی نەختینەیی
C- گۆڕانی ماوە درێژخایەن D- گۆڕانی پەیکەریەند

٤. ئەگەر قەبارەی خەرجی نەتەوە گەورەتربێت لە قەبارەی داهاتی نەتەوە ئەوا باری ئابووری دەکەوێتە دۆخی :
A- داکشانەوە B- هاوسەنگی C- بەرفراوانبوون D- کەلێنی داکشانەوە

٥. مەبەست لێی ئەو کار ڕا پەڕاندنانەیە کە دەوڵەت بەکاری دێنێ بۆ گۆڕینی هەڵاوسانی کراوە بۆ هەڵاوسانی کپکراو:
A- ڕامیاری دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ B- زیادکردنی باج
C- زیادکردنی خەرجی میری D- کەمکردنەوەی خەرجی میری

٦. هاندانی پاشەکەت و وەبەرهێنان بەرەو ئەو بوارانەی کە لە خزمەتی بەرهەمهێنان و دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە دایە یەکێکە لە ئامانجەکانی:
A- ڕامیاری دارایی B- ڕامیاری نرخ C- ڕامیاری بازرگانی D- ڕامیاری نەختینەیی

٧. ئەم هاوکێشەیە ( شمەك و کارگوزاری بەرهەم هێنراو x نرخەکانیان ) بەکاردەهێنرێت بۆ دۆزینەوەی :
A- بەهای زێدە دانراو B-بەهای بەرهەمی هەمووەکی C–داهاتی دابەشکراو D- داهاتی ڕاستەقینەی نەتەوەیی

٨. بێکاری کراوە ئەو بێکاریە خۆویست و خۆنەویستەیە کە هێزی کارکەران دەگرێتەوە لەوڵاتە دواکەوتووەکان ڕێژەکەی دەگاتە :
A- ٥- ١٠٪ B- ١٠- ١٥٪ C- ١٥- ٢٠٪ D- ١٠- ٢٠٪

٩. نێردراوی ( بانکەکان و گواستنەوە ) نموونەن بۆکام جۆری نێردراوەکانی بازرگانی دەرەکی :
A- نێردراوی بینراو B- نێردراوی شمەکی سروشتی C- نێردراوی تاك لایەن D- نێردراوی خزمەت گوزاری

١٠. ئەو ڕەسمەیە کە دەخرێتە سەر شمەکەبازرگانیەکان(هێنراو – نێردراو ) کە بە سنووری نێودەوڵەتی وڵاتێك تێدەپەڕێت :
A- باج بە پێی بەها B-باج بە پێی جۆر C- باجی گومرگ D- باجی بەناو

١١. پاش قۆناغی یەکەم و دووەمی بارگۆڕانی ئابووری، ئابووری نەتەوە دەست دەکات بە بوژانەوە بەهۆی :
A- نزم بوونەوەی نرخی دراوی بیانی B- بەرزبوونەوەی نرخی دراوی نیشتمانی
C- زیادبوونی نێردراوەکان D- ڕامیارییە ئابورییە گونجاوەکان

١٢. بۆ هێنانەدی پەرسەندنی ئابووری بە پێی بۆچوونی ئادەم سمث ، ئەو مەرجەی پێویستە برەخسێنرێت بریتییە لە :
A- بودجەو پاشەکەوت B- باج و قەرز C- سەرمایەو بازاڕ D- کرێ و مووڵکانە

١٣. هەندێك جۆر دەسهات پێویستە لە داهاتی نەتەوە حساب نەکرێت چونکە لە ڕاستییەکەی زیاتر دەردەکەوێت وەك:
A- خەرجی میری B- قازانج C- مووڵکانە D- بەخشینەکان و دیارییەکان

١٤. خستنە ڕووی سەرمایە لە وڵاتە دواکەوتووەکان زۆرجار نزمە ئەویش بەهۆی:

A- لاوازی ئارەزووی سنورەکی بۆ پاشەکەوتکردن　B- لاوازی ئارەزووی سنورەکی بۆ بەکاربردن

C- زۆر بوونی ئارەزووی سنوورەکی بۆ پاشەکەوتکردن　D- زۆر بوونی داهاتی ڕەخساو بۆ خەرجکردن

١٥. دابەزاندنی نرخی سوودەکان و زیادکردنی قەبارەی قەرزدان و ئاسانکاری لەماوەی دانەوەی، کۆمەڵێك نموونەن سەبارەت بە :

A- لێخۆشبوون لە باج　B- کۆمەك کردنی ڕاستەوخۆ　C- سیستەمی بەشکاری　D- ئاسانکاری و دڵنیاکردنەوە

١٦. ئەو کاتە دێتە بەرهەم کەوا کۆمەڵگە ڕێژەیەك لە داهاتی بەگەڕ پاشەکەوت بکاو، وەبەربهێنرێ بۆ بەدەستهێنانی بڕێکی زیاتری بەرهەم و داهات:

A- هەڵاوسانی تێچوون　B- پێکهێنانی سەرمایە　C- پەرەپێدانی ئابووری　D- داهاتی نەختینەیی

١٧. لەسەر داوای کەسێك وەردەگیرێت کە داوای خزمەتگوزارییەك دەکات ، بۆ وەرگرتنی ئەم خزمەتگوزارییە هیچ ناچارییەکی( زۆرەملێ ) تێدا نیە :

A- باجی ڕاستەوخۆ　B- باجی ناڕاستەوخۆ　C- سە پاندنی مەعنەوی　D- سە پاندنی یاسایی

١٨. بە پێی ئەم ڕێسایە هەردەوڵەتێك ناوەرۆکێکی زێربۆدراوەکەی دیاری دەکات وئامادەیە بۆ کڕین وفرۆشتنی هەربڕە زێرێك بەو نرخە :

A- نرخی دراو گۆڕینەوەی هاوسەنگ　B- نرخی دراوگۆڕینەوەی نەرم

C- نرخی دراوگۆڕینەوەی جێگیر　D- نرخی دراو گۆڕینەوەی گۆڕاو

١٩. سەرجەمی ئەو شمەك و کارگوزارییانەیە کە خاوەن بنەماکانی بەرهەم هێنان بەهۆی داهاتە نەختینەییەکان دەستیان دەکەوێت :

A- داهاتی تاکەکەس　B- داهاتی ڕاستەقینە　C - داهاتی دانەشکاو　D هیچیان ڕاست نین

٢٠. کاریگەری هەیە لەسەر تێچوونی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی گشتی و خەرجیەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بەشێوەیەکی تایبەتی:

A- ئاوو هەوا　B- ناچوونیەکی لەدەرامەتە سروشتیەکان

C- ناچوونیەکی لە تواناکانی مرۆڤ　D- ناچوونیەکی لە بڕی سەرمایەی بەردەست

٢١. زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان زۆر جار دەبێتە هۆی زیادبوونێکی بەرچاوی ئەوانەی تەمەنیان لە (١٥) ساڵ کەمترە لەئە نجامدا سائەکانی بەرهەمهێنانیش نزمدەبێتەوەو بەرەو ( سفر ) دەڕوات، ئەم دیاردەیە لە وڵاتە دواکەوتووەکان دەبێتە هۆی فراوان بوونی:

A- داکشانەوە　B- کەلێنی داکشانەوە　C- هەڵاوسان　D- کەلێنی هەڵاوسان

٢٢. نرخی ئەم جۆرە باجە ئەگۆڕە هەرچەندە بنەمای باج زیادو کەم بێت:

A- باجی ڕێژەیی　B- باجی داکشاو　C- باجی هەڵکشاو　D- باجی بەناو

٢٣. دەتوانرێ وا بەکار بهێنرێ کە بەرهەمداری پێ بەرزبکرێتەوە لە پیشسازییە بەکارهاتووەکان لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا :

A- کەڵەکەکردنی سەرمایە　B- پێشکەوتنی تەکنەلۆژی　C- وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی　D- پیشەسازی

٢٤. لە ژێر ڕۆشنایی ستراتیژیەتی پەرەپێدانی مەودادووردا ئاما نجە ئابوورییە هەمووەکییەکان دەستنیشان دەکرێت لەلایەن:

A- وەزارەتەکان　B- پرۆژەکان

C- دەسەڵاتی یاسا دانان　D- ئە نجومەنی پلاندانان

٢٥. ئەگەر ئەوهۆکارانە ڕەوابوون باجدەر خۆی لێ بدزێتەوە لە دانی باج پێی دەوترێت:

A- دان پێنەنانی باج　B- خۆلادان لەباج　C- ڕاکردن لەباج　D- هەریەکە لە ( B و C ) ڕاستن

٢٦. پرۆژەکانی {گواستنەوەو کارەباو گازو بانکەکان} نموونەن بۆکام جۆر لەجۆرەکانی دەسهاتی موڵکی دەوڵەت:

A- دەسهاتی دەوڵەت لەسامانی خانووبەرە　B- دەسهاتی دەوڵەت لە پرۆژەی پیشەسازی و بازرگانیەکان

C- دەسهاتی دەوڵەت لە دەرامەتە سروشتیەکان　D- دەسهاتی دەوڵەت لەدەرامەتە داراییەکان

٢٧. بە هۆکارێکی گرنگی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان دادەنرێت کە هەوڵی پەرەپێدانی ئابووری دەدەن:

A- بازرگانی سەرجەم　B- بازرگانی وردە　C- بازرگانی دەرەکی　D- بازرگانی ناوخۆ

٢٨. تاکە پێوەرە کە پرۆژە تایبەتەکان لە داڕشتنی پرۆگرامەکان و نەخشەدانان و پلانەکانیان پشتی پێ دەبەستن:

A- پەرەسەندنی ئابووری　B- ڕەخساندنی هەلی کار　C- پەرەپێدانی ئابووری　D- قازانج

٢٩. بۆ ئەوەی پلانی ئابووری هاوشانی هەر بارودۆخێکی نائاسایی بڕوات و لەگەڵیدا بگونجێت پێویستە پلانەکە...........دابڕێژرێت :

A- ساڵانە　B- (٥) ساڵ جارێك　C- (٧) ساڵ جارێك　D- (١٠) ساڵ جارێك

٣٠. دارایی گشتی هەڵدەستێ بەهێنانەدی ئەم ئەرکە ئەویش لەڕێگای بەدیهێنانی خستنەگەڕی تەواو لەگەڵ پلەیەکی گونجاو لە سەقامگیری و بەرهەمهێنان و ئاستی گشتی نرخەکان:

A- ئەرکی گەشە پێدان　B- ئەرکی دابەشکردن　C- ئەرکی تەرخانکردن　D- ئەرکی سەقامگیری

٣١. بریتین لەو خەرجییانەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە دەکرێت لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و فێرکردن و چاودێری تەندروستی تاکەکان:

A- خەرجییە سەربازییەکان　B– خەرجییە ئابوورییەکان　C- خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان　D-خەرجییە کارگێڕییەکان

٣٢. بەهای هەموو ئەو شمەك و کارگوزارییانەی تێدا تۆمار دەکرێت کە لە نێوان ئەو دەوڵەتەو جیهانی دەرەکی ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت :

A- حسابی سەرمایە　B- حسابی بەگەڕ　C- حسابی حەواڵکاری یەکلایەنە　D-حسابی زێڕی نەختینەیی

٣٣. وەرگرتنی قەرز لە دەزگا داراییە بیانییەکان مەبەست لێی هاوسەنگکردنی تەرازووی پارەدانە لە ڕێگەی :

A- میکانیزمی بازار　B- نرخی دراو گۆڕینەوە　C- دەستێوەردانی دەوڵەت　D- داهاتەکان

٣٤. پەرە پێدانی هەر لەخۆوە لە ئابوورییە دواکەوتووەکاندا قورسە، بە پێچەوانەی ئابوورییە پێشکەوتووەکان ئەویش بە هۆی کۆسپی:

A- ئابووری　B- کۆمەڵایەتی　C- ڕامیاری　D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

٣٥. پاش قەیرانە ئابوورییە گەورەکەی جیهان لە ماوەی ساڵانی( ١٩٢٩- ١٩٣٣ ) لە ئەڵمانیا و وڵاتانی ئەوروپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات و ئەمریکای لاتینی، ئەم سیستەمە بڵاو بۆوە:

A- بازرگانی سەربەست　B- کارکردن بە ڕێسای زێڕ　C- چاوەدێری کردنی گۆڕینەوەی دراو　D- نرخی هاوسەنگی

٣٦. بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و نزمی ئاستی فێربوون وادەکەن توانای تاکەکان لەبواری بەرهەمهێنان و لێهاتووی کارگێڕی لە کۆمەڵگەدا لاوازبێت، یەکێکە لە دەرنە نجامەکانی:

A- بڵاووبونەوەی بێکاری　B– گەشەکردنی دانیشتوان
C- کەمی سەرمایە　D- دواکەوتووی پەیکەر بەندی کۆمەڵایەتی

٣٧. کەم کردنەوەی باج بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆکار بۆ :

A- زیاد بوونی توانای شت کڕین لای کەسەکان　B- جێگیرنەبوونی بارودۆخی ڕامیاری
C- زیادبوونی پشێوی لەبازاڕەکانی ناوخۆ　D- کەم بوونی توانای شت کڕین لای کەسەکان

٣٨. هەندێك جار دەوڵەت ڕەسمی گومرگ دەخاتە سەر چەند شمەکێکی ڕواڵەتکاری بە ڕێژەی ٢٠٠٪ لەنرخی شمەکەکان بە مەبەستی بەدیهێنانی ئاما نجی :

A- هاندانی پەرەپێدانی ئابووری　B- خستنەگەڕی تەواوەتی
C- خۆشگوزەرانی ئابووری　D- هاوسەنگی لە تەرازووی پارەدان

٣٩. لە کاتی دابەشکردنی داهاتی نەتەوە بەسەرخاوەن بنەماکانی بەرهەمهێنان قازانج دەدرێت بە :

A-خاوەن سەرمایەکان　B– خاوەن زەوی و خانووبەرە　C- ڕێکخەری کار　D- کرێکارەکان و کارگێڕی و هونەرییەکان

٤٠. پەیوەندی بە دراو ودەزگای بانکەوە هەیە و کاردەکاتە سەرخستنەڕووی دراو تا قەبارەی هێزی شت کڕین فراوان بکات یان کەم بکات

A- ڕامیاری بازرگانی　B- ڕامیاری نەختینەیی　C- ڕامیاری دارایی　D- ڕامیاری دەستێوەردانی ڕاستەخۆ

٤١. هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی زانیارییە مەزەندەکراوەکان لەخەرجییە گشتییەکاندا و دابەشکردنیان بەسەرچالاکیە جیاجیاکاندا :

A- زانستی یاسا　B- زانستی ڕامیاری　C- زانستی ئامار　D– زانستی دارایی

٤٢. یەکێکە لە سەرچاوە پێشەنگەکانی دەسهاتی گشتی ، دەوڵەتان هەر لەکۆنەوە پشتیان پێ بەستووە بۆ دابینکردنی خەرجی گشتی :

A- بازرگانی دەرەکی　B- پیشەسازی　C- باج　D- ڕەسم

